

# مۆتەکە

دەشتی ڕەسووڵ

هیچ نابینم، نوقمی تاریکیم، هەموو شتەکان ڕەشن، هەموو شتەکان! نا، ئەسڵەن نازانم ناو ئەم چوار دیوارە چی تری لێیە، جگە لەخۆم! ئەرێ بەڕاست بە دیوار دەورم گیراوە؟! هەندێک جار خۆم وەک منداڵێک دەبینم هێشتا لەدایک نەبووبێت! منداڵێک لە تاریکایی ڕەحمی دایکی، بەڵام نا ئەو ئاگادار نییە چی چاوەڕوانیەتی، یان ئەگەر بشزانێت لەگەڵ لە دایکبوونیدا هەمووشتێکی لەیاد دەچێت، من وانیم، دەزانم چی چاوەڕوانمە، بەڵام نازانم کەی و لەناو تاریکیدا دەژیم! تاریکییەکی ئەنگوستەچاو، بەڵام دەبیستم. هەر بیستنیشە گیانی چاوەڕوانی لە ڕوحمدا زیندوو دەکاتەوە. خۆزگە نەمبیستبا! گوێیەکانم داخرابان! بێ گوێ، بێ چاو.. ئەی زمان؟ نا..نا، بێ زمان نا. ئەگەر زمانم نەبا، شێت دەبووم، ترس دەیکوشتم، بەڵام نا کاتێک گوێم نەبێت بۆ بیستن، زمانیشم پێویست نەدەبوو، چیم گێڕابایەوە، خۆم لە چ شتێک، لە چ ترسێک بەتاڵ کردبایەوە. نا ئەو دەم زمانیشم نەدەویست.

ئەوە دێن، هاکا دووپشکێک پێوەی دام، یان بە کەتەرێک جەستەم هەلا هەلا کرا.

گوێم لێ بوو.. ئەوە دێن، دەبێ هەر سات چاوەڕوانی سزایەک بم، سزایەک لە ئازارەکەیڕا بزانم چییە. ژوورەکەم پڕکراوە لە دووپشک، یان دەرزییە و گیانم کون کون دەکا، یان نینۆکەکانم دەرهێنراون.

قەرار بوو بێن و نینۆکەکانم دەربێنن، نازانم ڕۆژێک بوو، یان دوو، یان سەدەیەک بەر لە ئێستا بوو، وتیان. گوێشم لێ بوو باسی دەرهێنانی نینۆکەکانمیان دەکرد. هەمیشە هەست دەکەم وا دەردێن، سەری پەنجەکانم زۆر دێشن، ئازاری نینۆکەکانم خەریکە دەمکوژن.. دەستی چەپم بەرز دەکەمەوە و لە چاومی نزیک دەکەمەوە.. هیچ نابینم. وەک ئەوەی دەستێک لەم نزیکانە هەر نەبێت، بە دەستەکەی ترم سەری پەنجەکانی دەستی چەپم دەپشکنم، هەست دەکەم سەری پەنجەکانم بە شتێکی ڕەق داپۆشراوە، دەبێت نینۆک بێت! ئەی ئەو ئازارە چییە؟ نازانم ئەمە مۆتەکەیە، یان ڕاستی،

بەڵام نەخەوتووم، ئەگەر خەوتبام ڕۆژێک هەر خەبەرم دەبووەوە..نا نەخەوتووم، بەڵام لە مۆتەکەیەکی گەورەدام، مۆتەکەیەک تەنیا بە گێڕانەوەی ڕووداوێک لەناو دەچێت.

***

ئێمە سەدان کەس دەبووین، دەبوو.. بەڵێ، دەبوو کارێک بکەین. کارێک لەو باڵەخانەیەی بەر لە ئێمە هەزارانی تر کاریان تێدا کردبوو، باڵەخانەیەک زیاتر لەوەی بە ئاسماندا چووبوو، ڕۆچووبووەوە ناخی زەوی. نازانم چەند بوو، بەڵام لەدوای هەر قاتە و قاتێکی تر دەهات، هەر قاتە و سەدان ژوور. هەر ژوورەو چەندان دەرگا، هەر دەرگا و بەسەر ژووری تردا دەکرایەوە. هەرکاتێ هاوڕێیەکمان ون کردبا، چەندان سەعات دەگەڕاین و دەگەڕاین تا کفت و ماندوو دەبووین، تەنیاتر و ماندووتر لە جاران و بێ هاوڕێ دەستمان بە کار دەکردەوە.

هەندێ لە ژوورەکان دەرگایان بەسەر پەیژەی وادا دەکرایەوە پلە بە پلە بە ناخی زەویدا شۆڕی دەکردیتەوە و هەرگیز نەیدەگەڕاندیتەوە.

***

کە لە دەرگای گەورەوە چووینە ژوورێ و دەرگا بە دەرگا چەند ژوورێکمان بەرەو قووڵایی باڵەخانەکە بڕی، هەرگیز نەماندەزانی جارێکی دی خۆر نابینینەوە! لەوێوە تا هۆڵێکی گەورە بەڕێیان کردین. هۆڵێک چەندان دەرگای تری بەسەردا دەکرایەوە، لە ناوەڕاستەکەیدا سەدان ئامێری تێدا کەڵەکە کرابوو، بۆ ئێمە بوون، دەبوو کاریان پێ بکەین، بەڵام چ کارێک؟ نازانم.

کەس هیچی پێ نەگوتین. دەبوو ئامێرێک هەڵگرین و لە دەرگایەکی ناو ئەو ژمارە زۆرەی دەرگا، هۆڵەکە جێ بێڵین.

***

لەگەڵ نەوزادی هاوڕێمدا، بەخۆمان و کەلوپەلەکانمانەوە لە بەردەمی دەرگایەکی ناوەڕاستی هۆڵەکە وەستاین. هەستێکی سەیر دایگرتین، هەستێک پڕبوو لە ترس و دوو دڵی، ترسێک لە ناوەوە گیانی دەخواردین، نازانم ترس بوو لە نادیاری، یان ترسێک بوو کە هەرکرێکارێکی شارەزاش بەر لە دەستپێکی کارەکەی هەیەتی.

هەر کە چووینە ژوورێ، شێ و بۆخنکی ژوورەکە چوو بە لووتمانا، لەبەر تەنگە نەفەسی و پژمینی بەردەوام تا چەند دەقەیەکیش هیچمان نەدی.

***

خۆمان لە ژوورێکی گەورەدا دیتەوە، ژوورێک جگە لەو دەرگایەی لێوەی هاتبووین، سێ دەرگای تری هەبوو. دەرگایەکیان بە دەستە ڕاستدا و یەکێکی تریشیان چەپ، دەرگای سێیەمیشیان بەرانبەر ئەو دەرگایە بوو لێوەی هاتبووین. چاوێکمان بە ژوورەکاندا گێڕا و سەیرێکی ئەو کەرستانەمان کرد، هێنابوومان، کەرەستەی بۆیە بوون. دەبوو ژوورەکان ڕەنگ بکەین، دوای ڕەنگ کردنی هەر ژوورێکیش، لە یەکێ لە دەرگاکانەوە بەرەو ڕەنگ کردنی ژووری زیاتر. ئەو بۆیەیەی ئێمە دیوارەکانمان پێ ڕەنگ دەکرد، شینێکی کراوە بوو، چەندان شەو و ڕۆژ بەردەوام کارمان کرد، لە دەرگای سێیەمی ژووری یەکەم بۆ ژووری دووەم، لەوێشەوە بۆ ژووری دەستە ڕاست و دواتر چەپ. دیسان لە دەرگای سێیەمی ژووری دووەمەوە بۆ ژوورێکی تر، بەردەوام بووین لە کار، تا ڕۆژێکیان بەو ژوورانەدا دەهاتینەوە کە ڕەنگمان کردبوون، تاساین! ژوورەکانمان بە ڕەنگی تر و تێکەڵ، هەندێکیان تەواو و هەندێکیشیان نیوەچڵ ڕەنگ کرابوون (ڕەش، سپی، سوور...) دەبوو دەست پێ بکەینەوە. دیسانەوە ڕەنگی خۆمان نەخشاند، بەڵام دووبارە لە دوامانەوە بە ڕەنگی تر، بە نیوەچڵی ژوورەکان ڕەنگ دەکرانەوە. ئەم یارییە بەردەوام بوو. یارییەک، نازانم کێ چێژی لێ دەبینی! تا ڕۆژێکیان نەوزاد، بێ ئەوەی ڕێی لێ بگرم، لە یەکێ لەو دەرگا زۆرانەوە بە پلیکانەیەکدا بەرەو قووڵایی باڵاخانەکە شۆڕبووەوە، منیش، لەو ڕۆژەوە کەوتوومەتە ئێرە. ئێرە، نازانم ژوورێکە، یان بۆشاییەکی گەورەی تاریکی، تەنیا بە گۆڕانی ئازارەکانیشم لە تێپەڕینی کات تێ دەگەم، بەڵام بۆ ڕزگار بوون لە ئازار و زاڵ بوون بە سەر ترسەکەمدا، وەک ڕەنگ کردنی ژوورەکان، دیسان و دیسانەوە حیکایەتی خۆم دەگێڕمەوە.